ئامادەیی کوردستانی نوێی تێکەڵ

بابەت :ئەدەبی کوردی

ڕاپۆرتێك دەربارەی:

(ژیان و هۆنراوەی نالی)

بە سەرپەرشتی : مامۆستای بابەت (م.توانا حمید)

ئامادەکردنی :

بروا حسێن أحمد — پۆلی یازدەی زانستی (أ)

2014-2013

مەلا خدری کوڕی ئەحمەد شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلیی ناسراو بە نالی (1800–1856ز)

(بِسمِ اللّهِ الرحمنِ الرحيم)

1. پێشەکی

دیارە نالی یەکێکە لە مەزنترین شاعیرانی کلاسیزمی کوردی و نووسین دەربارەی ژیان و هۆنراوەی ئەو گرنگەیکی زۆری هەیە، چونکە نالی توانیویەتی کە زمانی کوردی بەکاربێێت بۆ بەرز کردنەوە و جوان کردنەوەی شیعرەکەی نەك بەپێچەوانە، و توانیویەتی جوانترین شیعری کوردی بەتایبەتی شیعری دڵداری بنووسێت، لەلای زۆرینەی ئەدیب و نووسەران پێیان وایە کە تا ئێستا شیعری کەسێك نەبووە بگاتە ئاستی شیعرەکانی نالی، پلەی نالی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەروەکو پلەی شاعیری (متنبی) عەرەب بوە، کە ئەویش لەسەردەمی خۆیدا دوو شاعیری دیکەی باڵادەست هەبووە، کە(بحتری و ابوتمام)بوونە، دیارە بۆ نالی هەردوو شاعیر(سالم و کوردی) هەبوونە، لەبەر مەزنی ئەم شاعیرە هەرشەندە بنووسین ناتوانین وەسفی تەواوی شیعری نالی بکەین، چجای ڕاپۆرتێك، هەروەك دیارە ئەم ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی سەرەکی کراوەتە ئەم بەشانەوە:

- ژیانی نالی
- ڕووخساری شیعری نالی
- مەبەستە شیعریەکانی
- نالی و دڵبەرەکەی
- ئەوانەی دەربارەی نالی شتێکیان نوسیووە

و ئەو سەرچاوەی کە زۆر پشتم پێ بەستووە دیوانەکەی نالییە و کتێبی بەهاری ڕەوانبێژییە، هیوادارم ئەم ڕاپۆرتە سودێکی هەبێت و بتوانین خزمەتێکی پێ بکەین.

2. ژیانی نالی

نالی[1] ناوی خدره به عەرەبی (خضر) کوڕی ئەحمەد شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلیە[2]، لە ساڵی 1800ز لە گوندی خاك و خۆڵ لە دەشتی شارەزوور لەدایك بووە، هەر لە منداڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن لە حوجرە، لەسەرەتا وردە کتێبی فارسی و قورئانی خوێندووە، دواتر زانستەکانی تر قورئان و نەحو و صەرف و فەرموودە و کەلام و بەلاغە و فەلەك و فیقهـ و سیرەی خوێندووە، تا ئەمانەی خوێندووە و دواتر ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ئەو شوێنانەی کە زۆر تیایدا مابوەوە سنە و سابلاخ و زەردیاوای قەرەداغ و هەڵەبجە و سلێمانین. لە قەرەداغ لای شێخ مووحەممەدی ئیبنوولخەییات خوێندوویەتی، لە تەکیەی قەرەداغیش لای شێخ عەلی مەلا ریاضیاتی خوێندووە، لە سلێمانی لە مزگەوتی (سەیید حەسەن) لای مەلا عبداللە ڕەش بووە، زۆرتر لە خانەقای (مەولانا خالید) لە سلێمانی ڕابوادووە. هەروەها زۆریش لە هەڵەبجە و سلێمانی لای شێخ ئەوڵای خەرپانی خوێندووە.

---

(1) هەندێك گومانیان لەوە هەیە کە نازناوی شیعری ڕاستەقینەی نالی ئایە (نالی یان ناڵی یان ناڵێ) بووە، چونکە نالی لە چەند شوێنێك نالی و چەند شوێنێك ناڵی وە چەند شوێنێك ناڵێی بەکار هێناوە وەك:

وەرە سەیری خیابان و بەیـــــازی دەفتـەری (<u>ناڵی</u>)

کە سەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ڕیزی سەرووی مەوزوونە

یان:**تا چاکی نەکەی لەهەوا پڕ لە هەوا سینەیی <u>نالی</u>**

وەك زەنگەڵە ئاوازەیی دەنگی دڵی نایێ

بەڵام بەزۆری گومان لەوە هەیە کە نالی بێت چونکە لە زۆرترین جار ئەمەی بەکارهێناوە و گونجاوتریشە، و ماناکەی بە تەواوەتی نەزانراوە بەڵام گومان بۆ ئەوە دەڕوات کە مانای قەڵەمی نوسین دێت و بەو تاڵە باریکانەش دەوترێت کە لەناو قەڵەمە کەدایەو کە ئەوسا پێیان نووسیوە.

(2)نالی خۆی ناوناوە لە شیعرەکانیدا ناوی خزری بە لەتافەت یان تەوریە بەکارهێناوە وەك ئەم نموونەیە:

- **هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو**

  چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

- **خەتی سەبزی لەکەناری لەبی (نالی)هەروەك**

  (خزر)ی زیندە لەسەر چاهـ زولالێکی هەیە

مووحەممەد ئەمین زەگی بە دەڵێ:(نالی لە ساڵانی 1215-1273ی کۆچی، 1800-1856 زاینیدا ژیاوە، مەعروف خەزنەداریش بەهەمان شێوە، هەروەها کەمال فوئادیش هەمان ساڵ دیاریدەکات، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەڵێ: 1797ز لە دایکبووە و 1855 مردووە، لەڕاستیدا هیچ کام لەمانە باسی ئەو سەرچاوەیان نەکردووە کەئەم ساڵی لە دایك بوون و مردنەیان لێ وەرگرتووە، کە ئەمەش شتێکی بنەڕەتی و زۆر گرنگە، بەڵام هەندێ شت هەیە دەبنە هۆی ڕوون کردنەوەی سەردەمی نالی و نزیك بوونەوەی لە ساڵی لە دایك بوون و مردنی:

1. نالی پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ سلێمان پاشای بابان و ئەحمەد پاشای کوڕیدا هەبووە، هەروەك لەم بەڵگانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاصەفی ثانی دەکات

شاهی ئاصەفی یەکەم حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر بووە، کە وەزیرەکەی ناوی ئاصەفی کوڕی بەرخیا بووە، مەبستی لە شای دووەمی ئاصەفیش سولەیمان پاشای بابانە.

2. قەصیدە درێژەکەی کەبۆ سالمی هاورێی گیانی بە گیانی ناردووە، کە تێکرا پرسیارە لە وەزعی سلێمانی پاش نەمانی دەوری بابانەکان.
3. غەزەلەکەی کەبەبۆنەی سەفەری حەجی (نوری ڕودباری) یەوە وتوویەتی کە وەك تێکرا لە بەیتەکانەوە دەردەکەوێ خاوەنی ڕێبازی نەقشبەندی و یەکێك بووە لە مووریدە ناودارەکانی مەولانا خالید.

بەڵام بەڵگەی تریش بە دەستەوە هەیە پێمان ئەسەلمێنێ کەوا نالی نە 1855 نە تەمەنیشی 56 یان 58 ساڵ بووە جا ئیتر لە 1797 لە دایك بووبێ وەك عەلی موقبیل ئەڵێ یا 1800 وەك ئەوانی تر دەڵێن.

- گەلێ بەیتی نالی هەیە وا ئەگەیەنن کە نالی گەیشتووەتە تەمەنی پیریەکی ڕاستەقینە و بێ هێز بوون کە دیارە ئەوەش لە 58 ساڵی نابێت، وەك دەڵێ:
  1. **موی سپی کردم بە شووشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط**
  2. **گەرچی موی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە**
  3. **ئەی تازە جوان! پیرم و ئوفتادە کەوتووم**
  4. **من پیرم و فانی**

- حاجی مەلا عەبدوولڵای جەلی زادە(باوکی مەلای گەورەی کۆیە) گێڕاویەتیەوە، کەوا لە ساڵی 1288ك(1871-1872ز) دا نالی لە مەککە دیوە و کە دیویشیە زۆر پیر بووە.

نالی بە چاو خۆی لوتکەی گەشەسەندن و فەرمانڕەوایی بابانی دیوە لە کاتێکدا چووە بۆ حەج لە ڕێی گەڕانەوەدا لەشام هەواڵی ڕووخاندنی میرنشینی بابان و هێرشی عوسمانیەکان و داگیرکردنی سلێمانی دەبیستێت، ئیتر بڕیاری داوە کە نەگەڕێتەوە و ڕوو دەکات ئەستەمبووڵ و هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات.

3. ڕووخساری شیعری نالی

وابزانم هەرچەندە لەسەر نالی بنووسرێ ناتوانرێ بگاتە ئاستی هۆنراوەکانی چونکە لەگەڵ هۆنراوەکانی هێڵی کلاسیکیەت تاریکی ئەو کات ڕۆشن دەکاتەوە و دەبێتە نیشانەی قوڵی ئەو سەردەمە نالی توانیویەتی جوانترین شیعری کلاسیکی کوردی بنووسێت و بووە پێشەوای شاعیرانی کوردی، ئەو پارچە هۆنراوانەی کە ئێستا لەبەر دەستمان دایە هەموو بەری ڕەنجی کۆکردنەوەی چەند کەسێکی وەك مەلا عبدالکریمی المدرس و کوڕەکانیەتی، چونکە ئەو توانییەتی خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی بکات بە کۆکردنەوەی شیعرەکانی نالی لێکدانەوەی، ئەگەر تۆزێ ئەو شیعرانەی نالی کە ئێستا لەبەر دەستمان دایە شەن و کەوی واتە گوزەرانی بکەین لەوانەیە بتوانین تۆزە سەرنجێ هەڵێنجێین لەو دەریایە بێ بنە فراوانە، نالی وەکو (ابو تمامی) عەرەب زۆر خۆی خەریك دەکا بەوردەکاری و ئەم جۆرە هونەرەوە، لەگەڵ جیاوازیەکا کە نالی تەبعێکی ساف و ڕەوان و ڕۆشنی هەیە و زۆر لەم وردە کاریانەشی بێ خۆ خەریککردنێکی قووڵ بۆی بەدەست دێت کەئەمەش لەبەر چەند هۆیەکی بنەڕەتی بووە:

- ئەو جۆرە هونەرە مۆدەی سەردەم بووە و شاعیر پتر پایەی پێ بەرز بۆتەوە.
- زۆر زانین و ڕۆشنبیری لە زمانی عەرەبی و فارسی.
- خۆدەرخستن و شانازی پتر بە خۆوە.
- شاعیریەتێکی قووڵی زگماك.

نالی لە شیعرەکانی دا کێشی عەروزی بەکارهێناوە کە هەرئەمە لە شیعری کلاسیزمی ڕۆژهەڵاتدا بەکار دەهات، و هەموو پارچە هۆنراوەکە یەك (ڕەویە) یان هەیە واتە هەموو دێڕەکان بە یەك پیت کۆتاییان دێت، ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە نالی یەکسانی حەرفی پێش دوایی لە هەموو دیوانەکەیدا ڕاگرتووە، وهەروەها هەموو دێڕەکان یەك قافیەیان هەیە، وەکو دەڵێ:

(برق البصر) لەبەر تەلەئلوئی لە ئـــالــــی

(خســـف القمر) لە ئـــیشراق قـیامەتی جــەمالی

نیە دیدەیی ڕچ مەردووم، مەردوومی ڕچ دیـــدە

لە فرووغی خەددی فاریـغ، لە خەیاڵی خاڵی خالی

تا لەکۆتاییدا دەڵێ:

ڕووخی تۆ گوڵێکە سەد وەک هوزاری عاشق، ئەمما

لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوسوڵی ناڵە (نالی)

هەروەها زۆر جار لەتاکە دێڕێکدا مانایەکی تەواو دەبینین، لە کاتێکدا لە شیعری تازەدا بە هەموو پارچە هۆنراوەکە ماناکە کۆتایی دێت،شتێکی گرنگ هەیە ئەوەیە زمانێکی کوردی تێکەڵ بەوشەی عەرەبی و فارسی و هەندێك جاریش توکی بەکارهێناوە، ئەمیش لەبەر ئەوە بووە کە زمانی ئەدەبی باو لەو سەردەمەدا زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی بوون،چونکە کوردستان یان سەر بەدەوڵەتی عوسمانی یان ئێران بووە بۆیە زمانی وڵات یان فارسی بووە یان تورکی، و زمانی عەرەبی زمانی قورئان بووە و کوردستان یەکێك بووە لە وڵاتە ئیسلامیەکان، سەرەڕای ئەوەی نالی خۆی خوێندەوارێکی ئاینی و کەلایەکی موسوڵمان بووە، بۆیە ئەگەر چی شیعرەکانی بەکوردی نوسیووە و پیتی فارسی بەدەستکاری یان بێ دەستکاری بەکارهێناوە، و موسوڵمانێتیێکەشی زۆر کاریگەری تێکردووە، هەر لەسەرەتای دیوانەکەیدا ڕوو لەبارەگای خودا دەکات و دەڵێ:

ئەی جیلوەدەری حوسن و جلەوکـــێشی تـــەمـــاشا

ســـەر ڕشتەیی دیـــن بێ مەددەدی تۆ نیە حاشا

بەو ڕەحمەتە عامە کە دەکـــاســـەنگی سیبەه زەڕ

لــەم قەلبە کەوەک بەردە، ڕەشە، (رش رشاشا)

(لاحـــــــــولَ ولا طـــــــــــولَ ولا قـــــوة إلّا

بِـــــــــاللهِ، لَـــــهُ القُـــدرةُ، والكـــائنُ ماشا)

نالی جگە لەوەی وشەی فارسی و عەرەبی بەکارهێناوە تەنانەت هەندێك شیعری هەیە کە تێکڕا بەعەرەبی یان فارسین، وەك:

(دَرُونـــــی لِـــــدارِ ال(شّارَزُورِ) وَ بَـــــرْدِهِ

کَــــــفِرمیســـــــکٍ گَـــرْمٍ إِلـــی آوِ سَرْدِهِ)

(تَـــری وَرْدَهُ قُـــوتاً وَ جُـــوتاً و سـايـــقاً

فـــيا قُـــوتَـــــيِي مِـــــنْ جُـــوتهِ ثُمَّ قَرْدِهِ)

تَری عینَةَ الْأبـــــدانِ مِنْ (خـــــاكُ خُـــولِ)ه

(تَـــری مَـــــنْدَلَ الْأوراقِ مِنْ تُـــــوزُ گَـــــــرْدِهِ)

نالی لەم شیعرە نایابەیدا، کە چ لەبارەی دەوڵەمەندی سۆز و چ لەبارەی تەکنیکی هوونەریەوە، پێشەنگە و بەر لەو چەشنی لە کوردییدا نە بینراوە، کۆمەڵێك وشەی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە و تێکڕا بە شێوەی عەرەبی دایڕشتووەن، پێڕەوی دەستووری زمانی عەرەبی و سەر و بۆر و ژێری دوا پیتی وشەی لە زمانی عەرەبیدا بەسەر بڕیوون، هونەری نالی لەم پارشە شیعرەدا لەوە دایە کە ئەو وشە کوردیانەی بەکاری هێناون بخرێتە قاڵبی عەرەبییەوە نووسینەوەی ئەم پارچە شیعرە بە دەستووری کوردی ئەو خاسیەتەی لەناو ئەبرد و وچەند وشەیەکی بەکارهێناوە کە بەرهەدوو زمانەکە مانا دەدات. هەروەها چەند هۆنراوەیەکی تری هەیە کە فارسین وەکو:

ابـــروان و طـــبیبان دل افگارانـــند

هـــــردو پیوسته ازان بر سر بیمارانند

گنج رخسار تو دیدن نبود زهره مـــرا

کەز زلف تو برو خفته سیه مـارانـــند

ماهزاران، زغمت خسته و ناکام، ولی

کامیاب از گل روی تو خس و خارانند

و ئەم هۆنراوانە کە سەرەتاکانیان:

- **تیر ناز نگەهک هر دلە نیـــجە یـــی وار**

عاشقک پاینە زولفک گیبی یوزبک سری وار

- **نفس ساعت گیپی ایشلرسە گریاد ایلە طاعتر**

بر آنـــــک قورمەسی پیرو لنە احیای ساعتـــــــــدار

- **آن زلف مشکبار بدان روی چون نـــــگار**

گرموتە است، کوتهی از وی عجب مدار

هەروەها هەستاوە بە بەکارهێنانی هەموو ئەو وشەکاریانەی کە لە ڕەوانبێژی دا بەکارهێنراون، لەوانە:

- چواندن(التشبیە): ئەوەیە شتێم بە شتێکی تر بچوێنی کە هاوبەش بن لە سیفەتێك یان زیاتر.

ئـــەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهـــــد و وەفاتــە

چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و گوڵ و مول هات

- دروست(الحقیقة):بەکارهێنانی وشەیە لە مانای بنەڕەتی خۆی.

گوێ درێژی بار و کورتان بەرز و پاڵانی زێڕیـــن

چوســــــت و وریـــاتر لە گـــوێ کورتانی پڵانی و گێژ

- خوازە(المجاز): ئەوەیە کە وشەیەك بدرێتە پاڵ وشەیەك کە مافی درانە پاڵی نەبێ گەر لەبەر پەیوەندی نێوانیان نەبێت.

ئەی خەڵوەتی موڕائی، بێ دەنگی خود نـــومائـی

ڕەنگ زەردی عاشقی بە، نەک زەرد ڕووشەقی بە

- خواستن(الإستعارة): گواستنەوەی وشە لەمانی بنەڕەتی خۆی بۆ مانایەکی تر پەیوەندی وێکچون بەیەکیان ببەستێتەوە، نیشانەیەکیش هەبێت قەەغەی مانای یەکەم بکات.

کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر پوختی

دەناڵێنن لە شەوقی طیبە وەک ئەستوونی حەنانـە

- درکە(کنایة):دەربڕینی مانی وشە یان ڕستەیە لەپاڵ مانی بنەڕەت مەبەستت لێی مانای پەیوەست نەبیٚ.

مل عەلەم شیرین قەلەم ئاهوو شکەم، مەیموون قەدەم

سم خڕ و کلک ئێستر و منـــــــزل برو عارەق نەڕێـــــژ

- تەوس(التعریض): ئەو دەربڕینەیە مەبەستت لێی شتێکی تر بێت ڕەوت و باری ڕستە ئاماژەی پیٚ بکات.

ئێمە مەردین هەموو شێری خەشین پۆشی مەصاف

کرمی قەز هەرچی تەنی، بۆ نیسوانــــی تەنــی

- دژیەك(تیباق): کۆکردنەوی دوو وشەی دژ بەیەکە لە واتادا.

سابوونی کەفی پێتە کەفی زاری چاپلووس

خاسیـــەتی (ڕەقی) هەیە نەرمـــی زووبانـــی لووس

- تەناسووب: واتە کۆکردنەوەی دوو یان چەند شتی هاوجۆر و پێکەوە گونجاو.

ئەستێرە هەموو مەحـــــوە لە نــــێو نووری قەمەردا

یا شەمســـی جەمـــالت شـــەوی گێڕاوە بەفەردا

- جیناس:ئەوەیە دوو وشە لە خوێندنەوە وەیك یەك بن لەمانادا جیاواز بن.

شەبەهی زوڵفی شەبـــەهـ گۆنەیە ڕوو گەردانــی

بەســـەری ئـــــەو کـــەبەســـەودا سەر و سامانم دا

- ئیقتیباس: وەرگرتنی شتێك لە ئایەتی قورئانی پیرۆز یافەرموودەی پێغەمبەر یا سەرچاوەیەکی ئەدەبی و بەکارهێنانی لە ڕستەدا، نەك بە شێوەی ئەوەی کە تێکستەکە وەرگیراوە وەکو:

نالی نیەتی سیحری بەیان، حیکمـــــــەتی شـــیعرە

ئــــــــەمما نیەتی قووەتـــی دڵ، قــودرەتـــی ئینشا

کە لە حەدیسی (إنَّ مِنَ الشَّعرِ لَحِکمَة وَإنَّ مِنَ البیانِ لَسِحْرا) وەرگیراوە.

یان دەڵیٚ:**بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن نووری عەلا نوور**

ڕەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکوو میسباح

كه له ئايەتی:(اَللَّهُ نُورُ السَّماواتِ وَالأَرضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشكاةٍ فِيها مِصباحٌ الْمِصباحُ فِي زُجاجَةٍ الزُّجاجَةُ كَأَنَّها كَوكَبٌ دُرِّيٌّ) تا دەگاتە (نُورٌ عَلى نُورٍ....)،ئەمە جگە لە گەلێ جۆری جوانی هونەری و وشە ئارایی کەئەگەر یەکێك بەتایبەتی بەدوایاندا بگەڕێ لەوانەیە باسێکی دوور و درێژیان لەسەر بنووسێ.

4. مەبەستەکانی شیعری نالی

ئەگەر بەوردی بمانەوێت دەست نیشانی مەبەستەکانی شیعری نالی بکەین ئەوا چەند مەبەستێك لە شیعرەکانی دەبینین:

1. دڵداری:کەبەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لەم جۆرەیە، شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی خۆیان بەوە خەریك کردووە کە ئایا ئەو سۆز و هەستەی لە شیعری نال دایە ، سۆزی دڵداری ڕاستەقینەیە یان هەروەك هەموو شاعیرانی کۆن بۆ پیشاندانی توانای شاعیرێتیە، ڕاستیەکەی هەرچیەك بێت نالی توانیویەتی جانترین شیعری دڵداری کوردی بنووسێت، وەك دەڵێت:

(1)ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا

(2)خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سوروشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردووەمە بە سەردا

(3)تەلبیسی نیە ئەو کەسە دێوانەیی ڕووتە
بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا

(5)هەرچەندە کە ئینسانە لەبەر چاوی من و تۆ
مومکین نیە ئەم لوطفە لە ئینسان و بەشەردا

(6)ئیثباتی خەت و خاڵە، بەصەد شوشتن و گریان
ناچێتەوە ئەم نوقطە لە نێو دیدەیی تەردا

(7)ئالودە نەبێ دا، بە زەبوون گیریی خوێنم
بۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەردا

(8)نالی خەبەری بێ ئەثـــەری غائیبـــــە، ئەمـــــما

نـــالێکی حەزین دێ لە موناجاتــــــــی سەحـــــەردا

2. وەسف: کەئەمیش یەکێکی دیکەیە لە مەبەستەکانی شیعری نالی، بەتایبەتی وەسفی بەهارو دیمەنی سروشتی و وەسفی حوجرە شەق و شڕەکەی ولێهاتوویی بەردەباری(کەر)ەکەی، لەوەسفی بەهاردا دەڵێ:

1. **گەرمی و تەڕی بەهارە کەپشکۆ کوژایـــــەوە**

پشکۆی گوڵ ئاتەشین بە نەسیم بوو، گەشایــەوە

2. **لالە کە مەجمەرێکە بەبا خۆش و گەش دەبێــت**

نـــاوی، کەپـــــڕ خەڵووزە، بە شەبنم گەشایــەوە

3. **فەسلێکە هەر لە فەرقی بەشەر تا رەگی شەجــەر**

پشکۆی گوڵ ئاتەشین بە نەسیم بوو، گەشایــەوە

لە وەسفی حوجرە شەق و شڕەکەیدا دەڵێت:

ڕۆژی بەفر و با وەکاشە، ڕۆژی باران قوففەیـــە

ساحیبی لازم کەبیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو

تا دەڵێ:

حوجرەکە ئاوس بوو، وەعدەی خۆی بەهارێ بوو بـــزێ

وەزعـــی حەملی کەوتە پاییز نەبەکام و ناتەواو

لە وەسفی کەرەکەیدا دەڵێ:

ما عەلەم، شیرین قەڵەم، ئاهوو شکەم، مەیموون قەدەم

سم خڕ و کلک ئێستر و مەنزڵ بڕ و عارەق نەڕێژ

سائیمودەهری بە ڕۆژ، ئەمما بـــەڕۆژووی بــێ نییـــەت

قائیموولله‌یلی سلووک، ئەمما سلوکی بێ نوێژ!

3.نزا و پاڕانەوە لەخوا: کەزۆر بەشێوەیەکی جوان لە شیعرەکەیدا دەردەکەوێت، وەك لەم هۆنراوەیدا دەردەکەوێت:

وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەککە خۆم

دەرکراو و دەربەدەر، یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم

دەفتەری ئەعمالـی مــن بیٚ قەترەییێــکی ڕەحمەتــت

کــەی بەســەد زەمزەم سیاهی نوقتەییێکی لیٚ دەشۆم؟

4. بیری وڵات کردنەوە: لە هۆنراوەکەیدا کەبۆ سالمی ناردووە، لەگەڵ غەزەڵی (دەروونی لدارالشارەزوور و بەردە)، لە هۆنراوەکەیدا بەناوبانگەکەیدا بۆ سالم بەڕادەیەك زوخاوی دووری هەڵئەڕێژیٚ لەوانەیە ئەو کەسەش کە ئەمڕۆ ئەیخوێنێتەوە پڕ بەدڵ ماتەمی دایگریٚ و لەناخی خەمدا نوقم بیٚ:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئـــەی بـادی خـۆش مـــروور

وەی پەیـــکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەی لوتفەکەت خەفـــی و خـــواه و هـــەم دەمــە

وەی ســروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حزوور

تا لە دوواییدا دەڵیٚ:

زارم وەکــو خــیلاڵ و نەحیفــم وەکـــو خەیـــاڵ

نایــە دوکــەومە زار و بەدڵدا دەکەم حوتوور

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم ســۆزی هیــجرەتــە

دڵ ڕەنــگە بــیٚ بەئـاو و بـەچاوما بکا عوبوور

5.لاواندنەوە و پاهەڵدان پاش مردن: غەزەلەکەی بەبۆنەی وەفاتی سلێمان پاشای بابان و لەگەڵ قەسیدەکەی کە وەك ئەڵێن بەبۆنەی مردنی باوکی حەبیبەوە وتوویەتی، کەدەڵیٚ:

ماتەم وەکو زوولفەینی سییــەه گــرتــی سەراپـــات

پــۆشی لە ڕوخت تەعبییەی بەیـــدەق و شامات

دیدەت وەکو گوڵ ســورە پڕی شــەونــمی ئەشکــە

یالالەیی پڕ ژاڵەیە دوو نێــرگـــسی شــەلات

بۆ گریەیی تــۆ ڕەنگــە منیش هــێنــدە بگــرییێم

گــەوهەر بڕێــژێنین بە بــوڵندەیی قەد و باڵات

لاکین ئەمە دونیایە گــەهێ ســوور و گەهــێ شین

(لایــسأل مــن عــاش و مــن مــات و من فات)

6. مەدح و پیاهەڵدان: مەدحی ڕوودباری برادەری کە ئەچێتە حەج، مەدحی سووپای بابان، مەدحی وڵات، مەدحی پێغەمبەر، مەدحی مەککە و مەدینە،کەدێتە مەیدانی نزا و پاڕانەوە لەبارەگای یەزدان بەتەواوەتی ئەچێتە جیهانی گیانیەوە بەرامبەر بەخودا و پێغەمبەر (د.خ) ئەوەپەڕی مل کەچی ئەنوێنێ، سەیریکەن چون وەسفی پێغەمبەر دەکات:

بەقوربانی عــولــومـــی ئــەووەلیــن و ئاخرینــت بـــم

لـەگــەڵ ئەسراری قورئــانت کــەوا ئــەتلافی سوبحانە

موڕادم زیـــللەت و پــاڕانـــەوەی حـــاڵە نـــەوەک نەعتــە

بـەچەند بەیتێکی کوردانە کـەوا قورئانت سەنا خوانە

ئەگەر چی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم، ئەمـــما

وەســیلەم طیبە و حــیلمی شــەفیع و فـەزلی مەننانە

بەسەر هاتوومە سەر ئەو خاکە کە هەر میسقالە زەڕڕێکی

بــەمیزانی شەفاعەت کێــوی حیلم و بەحری غوفرانە

یان دەڵێ:

ئەی ســاکیـــنی ڕایزی مـــەدینەی مـــــنەووەرە

لوتفێ بـــکە، بفـــەرموو: مــــەدیـــنەی منە و وەرە

عەرشی بەرین کە دائیرەیـــە، ڕەوزە مـــــەرکــــەزە

فەرشی زەمــین بە عەرسەیی تەیـــبە مــوجەوهەرە

وەك دەرئەکەویٚ مەدحەکانی نالی سنووریٚکی تایبەتیان هەیە، ڕیا و زووبان لووسی و خۆ بۆ پیٚش بردنەوەیان تیا دەرناکەویٚ.

مەبەستی هەجوو و زەم کردنی خەلٚك بەتیٚکڕا تەنها لەسیٚ جیٚگە لەهۆنراوەکانیدادەردەکەویٚت: یەکیٚکیان لەگەلٚ میرزاسەفا شیرازیەتی کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

قەدری من چەندە لەلای دەولەتی دنیایی دەنـــی

قەدری ئەو کەکەمتر و هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی

یەکیٚکی تریان دژی وشکە سۆفیە:

بنوارە وشکە سۆفی و ڕەقســـی بـە هەلهــەلــە

دیســان لە بـــەحری وشـــکە هـــەوا کـــەوتە پـــیٚ مەلە !

ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گولٚخانی ئەمــەل

هەنـــــدی بوو بە مەسجید و هەنـــــدی بە مەزبەلە

شیٚخم، ڕچ گەرمە حەلٚقەیی زیکرت بە ڕەشبەلٚەك

حالٚـــــی ئەمانە خـــــۆ بە جەنـــابت مـــــوحەووەلە !

سیٚیەمیشان قەسیدە دریٚژەکەیەتی کە بەشیٚوەی پرسیار و وەلاٚم کەبە مەستوورە خانمی ئەردەلاٚنیدا وتووە کەئەمەش سەرەتاکەیەتی:

مەستوورە کە حەســـــنا و ئەدیـــبە بە حیســـــابیٚ

هاتـــە خەوم ئەمشەو بە ڕچ نازیٚـــــك و عـــیتابیٚ!

غەزەلٚەکەی کە بۆ(سەفای شیرازی) ناردووە،ئەگەر چی بۆنی تورەیی و قسە پیٚکردنی لیٚ ئەکریٚ، بەلاٚم تیٚکڕای قسەکانی باسی ئاینە و لە ئامۆژگارییەوە زیاتر نزیکە،غەزەلەکەشی کە دژی وشکە سۆفییە بەهەجووی زەلامیٚکی تیابەت نادریٚتە قەلٚەم، نالی دانوولەی لەگەلٚ وشکە سۆفییدا نەکولاٚوە و ئەم دیاردەی لە تیٚکڕای دیوانەکەی دیارە،

لە هۆنراوەکەی لەمەڕ مەستوورە خانمیشدا مەدح زیاتر بەدی دەکریٚ، ئەوەندە داویٚن پاکی و جوانی داوەتیٚ مەگەر نالی خۆی هەر لەخەودا دیبیٚتی.

5.نالی و دڵبەرەکەی

کوردی و مەریوانی لە پێشەکی دیوانەکەی نالیدا باسی (حەبیبە) یان کردوە کە نالی گیرۆدەی خۆشەویستی بووە و کارێکی زۆری کردووەتە بزواندنی هەستی شاعیرانە و خەیاڵی قوڵی، ئەوەشیان وتووە کە خواستوویەتی و بووە بە هاوسەری ژیانی و لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی خۆشەویستیان وەك یار و دڵدارێك هەر بەردەوام بووە، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەڵێ:(نالی لە تەکیەی قەرەداغیش دۆستێکی تری هەبووە (ئایشە)ی ناو بووە، ئایشە هەموو جارێ خۆی بەوەوە هەڵئەکێشا کە دڵداری نالی بووە، ئەم ئایشەیە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم مابوو، تەنانەت ئەمەم لە شێخ بابە عەلییەوە وەرگرت کە خۆی ئایشەی دیبوو)[3]، بەڵام بە داخەوە لە دیوانەکەیا کەم و زۆر هیچ جۆرە هێمایەك بۆ ئەم ئایشێیە نیە تا ئێستاش چ غەزەل و قەصیدەیەك کە بۆنی ئایشێی لێوە بێ نەبینراوە، بەڵام بوونی تێکڕا دوو ئافرەت یا زیاتر لە ژیانی شاعیرێکدا بە تایبەتی لە هەرێتی لاوێتیدا شتێکی دوور نیە.

نالی لە چەند لایەکی دیوانەکەی دا ناوی (حەبیبە) و لە دوو لاشدا ناوی(مەحبووبە)ی هێناوە)، لەوانەیە مەبەستی لە مەحبوبەش هەر حەبیبە بووە، چونکە بە زاراوەی صەرف حەبیب لەسەر کێشی (فەعیل) پێش ئەوەی بکرێتە (عەلەم) بۆ نێرو مێ بەکاردێت، و حەبیبە بۆ ئافرەت پاش ئەوەیە کە کراوە بە عەلەم، جا هەندێ جار حەبیبە و جاروباریش مەحبوبەی بەکار هێناوە، هەروەها (ناکرێ چ (حەبیبە) چ(مەحبوبە) هیچ کامیان ناوی ڕاستەقینەی یارەکەی نالی بن، چونکە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردەواری ئاسان نەبوو بۆ مەلایەکی وەك نالی دڵی بە ئافرەتێکەوە بوبێ و ناوی ئەو ئافرەتە بزڕێنێ و بیخاتە شیعری خۆیەوە، تەنانەت ئەگەر بە تەمای خواستنیشی بووبێ[4])، شتێکی ئاشکرا هەیە دەربارەی حەبیبە کە چاوی خێل بووە، دیارە ئەمە لە یەکێك لە هۆنراوەکانی نالی دەردەکەوێت کەسەرەتاکەی:

---

3 مێژووی ئەدەبی کوردی:عەلائەدن سەجادی،ل241

4 دیوانی نالی:لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریم المدرس و فاتح عبدالکریم، بەغدا 1976(چاپی دووەم)،ل33.

پێم دەڵێن (مەحبوبە) خێڵ و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا

خێڵ و قیچە، یا ترازوی نازی نەختێ سەر دەکا

خێڵ و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بەچاو

مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا

چاوی هەم ڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژان مەدام

یەک لە نەشگوفتەی بە نەفشە، یەک لە نەیلۆفەر دەکا

دیارە خێلی لەناو خەڵکیدا بە عەیب دەژمێردرێ، نالی لەم پارچە شیعرەدا بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە خێلی حەبیبەیان بە عەیب دانادوە، بەشێوەیەك وەسفی ئەو خێلیەی دەکاتەوە کە خێلی لە لای خەڵکی دەکات بەجوانی،چەند نموونەیەك لەو شیعرانەی کە نالی ناوی حەبیبە یان مەحبووبەی بەکارهێناوە:

1. **جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا**

(حەبیبە)ی (ماڵیاوا)،ماڵی ئاوا

2. **خەندە و دەمی (مەحبوبە) کەوا زۆر نمەکینن**

بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن

3. **موژگانی سیەهـ مەستە وەکو چاوی (حەبیبە)**

غارەت کە نکەن دێن و دەچن ڕۆح بڕفێنن

4. **لە دنیا جەننەتی باقی تەلاری شاهییە ساقی**

(حەبیبە) طورەیی طەوقی ملی شیرین و عەزرایە

5. **ئاخ لە گەڵ ئێمە(حەبیبە) سەری پەیوەندی نیە**

نەی شەکەر قەددە بەڵێ بەندی هەیە، قەندی نیە

6. **نالی لەبی (حەبیبە) هەم طیبە، هەم طەبیبە**

خولاصەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبیبە

7. **دەستم لە گەدەنی خۆت هەڵمەگرە هەی (حەبیبە)**

وابزانە خوێنی خۆمە یا مینەتی ڕەقیبە

ئەوانەی شتێکیان لە بارەی نالیەو نووسیوە وویانە (حەبیبە)ی خواستوە و بووەتە هاوسەری بەڵام ناونیشانی (حەبیبە) ی هاوسەری نالی بەتایبەتی لەساڵانی دەرەوەیدا ونە، نە لەئەوەش ئەچێ کە لەگەڵ خۆی بردبێتی بۆ حەج و ئەستەمبوڵ و نە لەئەوەش ئەچێ کەئەو دئستە گیانی بەگیانیەی لە کوردستاندا بە جێ هێشتبێ، دوور نیە وەك مامۆستا سەجادی لە مێژوەکەیدا ئەڵێت حەبیبە پێش سەرفەری نالی کۆچی دوایی کردووە، و نەبوونی منداڵ و نەوە ئەوەندەی تر مەسەلەکەی تاریك کردووە.

6. نامە شیعرییەکەی بۆ سالم

مامۆستا عەلائدین سەجادی دەڵێت:(...لە ساڵی 1830 نالی ئەچێ بۆ حەجوسلێمانی بەجێ دەهێلێت حەج ئەکات و ئەگەڕێتەوە بۆ شام، چەند ساڵێك لەو ناوەدا ماوەتەوە، لە ساڵی 1834 دا کاغەزە بەناوبانگەکەی کە دەڵێ:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور

ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواه و هەم دەمە!

وەی سروەکەت بە شارەتی سەرگۆشەیی حوزوور!

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان

تۆفانی دیدە و شەڕەڕی قەلبی وەک تەنوور

گاهێ دەبی بەڕوح و دەکەی باوەشێنی دڵ

گاهێ دەبی بە دەم، دەدەمێنی دەمی غوروور

تا دەڵێ: **ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن**

هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیمی ئوموور

سەیرێ بکە لە بەرد و داری مەحەللەکان

دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژوور

دواتر دەڵێ:**(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف**

یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجوومەنی قوبوور

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)

یاخۆ بووە بە مەلعەبی گورگ و loorەlooر؟!

لە کۆتاییدا دەڵێ:**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**

دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو بەچاوا بکا عوبوور

ئایا مەقامی ڕووخسەتە لەم بەینە بێمەوە

یا مەسڵەحەت تەوەقووفە تایەومی نەفخی سوور؟

حاڵی بکە بە خوفیە: کەی ئەی یاری سەنگ دڵ

(نالی) لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور...

ئەنووسێ بۆ سلێمانی...) .

هەندێ شتی زۆر ئاشکرا هەیە:

- ئەو تەئریخەی عەلائەدین سەجاددی دایناوە دەکاتە 1250 کۆچی.
- نالی لە شامەوە نامەکەی بۆ سالم ناردووە، و سالم لە سلێمانی بووە، وەك سالم لە بەیتێکی وەڵامەکەیدا دەڵێ:

بۆ موڵکی شامە نامەیی من سویی (نالی) یە

هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا لەخەبەر

- لە شیعرەکانی سالمەوە دەردەکەوێ کە وەڵامەکەی لە کاتێکدا داوەتەوە کە دەسەڵاتی بابانەکان بەیەکجاری لە ناوچووە و عوسمانیەکان ڕاستەوخۆ سلێمانیان بەڕێوە بردووە:

لەو سایەوە کە حاکمی بابان بەدەر کران

نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر

7. لەبارەی نالیەوە نوسیویانە

- پیرەمێرد لە ژێر ناونیشانی (خزمەتێکی بێ هەمتا بە موناسەبەتی تەبعی دیوانی نالییەوە) نوسیویەتی:

(تەقریبەن نەوەد ساڵ لەمەو پێش، ڕۆژێکی ڕەنگ زەردی پاییز کە شینایی ئاسمان غوبارێکی کەسیف داپۆشیبوو، لە دەمە دەمی بەیانیدا پیرێکی سەرو ڕیش سپی ئیفتادە، مێزەر بەسەر کە مات و مەلوولی، لەپشت ئەسپێکی بەکورتانەوە ڕوو بە وەیس لە سلێمانی دەرچوو، لە دوایەوە غەیری چەند فەقێیەکی خانەقا نەبێت، تەشییع کەرێکی نەبوو، گاه گاه، بە دەنگێکی حەزینی گریناویەوە، قسەی لەگەڵ ئەم جەماعەتە بچووکە ئەکردوو لە هەموو هەنگاوێکدا جارێ ڕووی بۆلای سلێمانی وەر ئەگێڕا، لەگەڵ هەموو ئاوڕدانەوەیەکدا ئاهێکی گڕاوی تێکەڵاو بە فەزا ئەبوو و فرمێسکێکی مرواری بەسەر ڕیشی سپیدا گلۆر ئەبویەوە.

ئەم پیری فتادەیە مەلا خزر (نالی)بوو!.......)[5]

******

- (ئەمین فەیزی)یش نوسیویەتی کە ئەڵێ:

(نالی خەڵکی دێیەك بوو لە شارەزوور کە واقیع بووە لە تەرەفی شەرقی سولەیمانی، ئیسمی (خاك و خۆڵ)ە، مەرحووم تەحسیلی لە قەرەداغ و لە سولەیمانیدا ئیکمال کردووە، قەرەداغ شەش سەعات دوورە لە سولەیمانیەوە، نالی بۆ ئیفای حەج چووەتە حیجاز، لەوێ دەرحەق حەزرەتی فەخری روسول قەسیدەیەکی موکەممەل و موتەوەل نەزم کردووە، چووەتە ئەستەمبوڵ لە ئەسنای سوحبەتا لەگەڵ ئودەبا و فوزەلای ئەوێ، گەلێ ئاسانکاری فیکر و فەتانەتی نواندووە، و زۆر مەزهەری تەوەججوه بووە، تا نیهایەتی عومری لە ئەستەمبولا ماوەتەوە، مەدفەنی موبارەکی

---

4 دیوانی نالی:لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریم المدرس و فاتح عبدالکریم، سنە1379(چاپی هەشتەم)،ل726.

ئەوەتا لـە (ئۆسکۆدار)ە، زەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی سەنایعی لـەفزییە ئیستیعمال کردووە، پیاو ڕەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلـم و ئیشتیغالـە).[6]

- گۆرانیش نوسیویەتی، ئەڵێ:

(مامۆستا پیرەمێرد!

لـەکاتێکدا تۆ چاوت بۆ قەڵـەم ئەگێڕا ئیلهامی خۆتی پێ بنووسی، لـە کوردستانی عێراقدا قەڵـەم بەدەست سێ چوالا مامۆستای گەورەوە بوون:

قەڵـەمێك بەدەست پیری یەکەمی شێوەی سلێمانی، نالییەوە بوو، شیعری کلاسیکی پێ دەنووسی، بە پێچەوانەی ئەو هەستی پەسەند و بەرامبەر نالی لـە دڵتا بوو، دەستت بۆ قەڵـەمی ئەو نەبرد، چونکە ئەو وەستایەکی بەهرەدار بوو، بەڵام لـەسەر تان و پۆی ئەدەب و عرووزی بێگانە نەخشی ئەچنی، تەنیا چینی خوێندەوای بەرزی دەرەبەگایەتی ئەیانتوانی تێی بگەن، هەرچی تۆ بوویت ئەگەڕایت کالایەك دابنێی، بەتەواوەتی خۆماڵی بێت، بەرزی و نزمی گەلی کورد زمان بتوانن لـەبەری بکەن).

- هەروەها (عبد الرحمان بەگی سالم) کە ناسراوە بە (سالمی ساحیبقێڕان) لـە پارچەشیعرەکەیدا دەڵێ:

لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر ڕوئیەتی مەعشووق

کەمەر بەستەی هونەر هاتن بە پیتی عیشقبازانا

لە لایێ نالی و مەشوی[7]، لەلایێ سالم و کوردی

لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاچۆ بوون لەمەولانا

لە مەیدانی بەلاغەتدا سواری مەرکەبی مەزموون

بەکوردی هەریەکە تازی سوارێ بوون لە بابان!

---

6 هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل725.

7 مەبەستیەتی لـە مەحوی کە ئەو کات هێشتا نازناوی مەشوی بوو.

- (احمد بەگی فەتاح بەگی ساحیبقڕان) کە ناسراوە بە حەمدی لەم چوار خشتەکیەدا بە شان و باڵی نالی هەڵداوە:

خەرمانی لەفزی کوردی، (کوردی) کە کردی پێوان

(نالی) کە نالی کەسەبێکی دا بەویش لێوان

تاراجی کرد کە مەحوی ئەفەندی بە لوتفی خۆی

عوشریشی دا بە (حەمدی) وتی بیبەرە دیوان

جگە لەمانەی سەرەوە چەند کەسێکە تر لە جیاتی ئەوەی وەسفی جوانی و بەنرخی شیعرەکانی نالی بکەن هەستاون بە شێوەیەکی ناشرین باسی شیعرەکانی نالیان کردووە، لەوانە گیوی موکریانی کە دەڵێ نالی هیچی بۆ زمانی کوردی و کوردستان نەکردووە و هەستێکی ڕەقی بەرامبەر بە کورد بووە و ئەو هۆنراوانەی کە گوایا لەبەر هەستی پاکی کوردایەتی نوسیویەتی تەنها لەبەر نەوس و شوۆرباخۆری خۆبردنەوەپێشەوەوە بووە لەلای میرەکانی بابان.

هەروەها موحەممەد ئەمین کاردۆخی وتارێکی بەناونیشانی (بەدبەختی شاعیر و نوسەرەکانمان) نوسیوە و ئەویش هەمان گلەیی لەنالی کردووە.

عیشقت کە مەجازی بێت خواهش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ

فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن، وەک فەرقی مەه و میهرە
ئەم فەرقی شەو و ڕۆژە وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ

مەه مەه لە مەهی سادە: یەعنی لەقەمەر لادە
هەم شەمس و سورەییا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ

بێ بێنە گوڵی ژاڵە هەم بێ بەر و هەم تاڵە
قەدسەر و سنەوبەر کچ، چاو نێرگسی شەهلا کچ

کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە ئەمما سەمەری خارە
وەک هەنگی جزووداره، هەنگوینی موصەففا کچ

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ

موو سونبولی ئاشوفتە، دووڕدانەیی ناسوفتە
دەم غونچەیی نەشگوفتە تێفکرە کوڕە یا کچ؟

کوڕ تازە و تەڕ مادام سادە وەک خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە دیبا کوڕ و زیبا کچ

جەننەت پڕی ویلدانە خادم هەموو غیلمانە
خادیم کەتێیدا حۆرین یەکسەر هەموو حەسنا کچ

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یوسف کوڕی یەعقووبە
کچ بوو بە خڕیداری یەعنی کە زولەیخا کچ

سیددیق و عەزیز هەروەک یوسف کەنەبی کوڕ بوو
سیددیقی مەعسوومە وەک داکی مەسیحا کچ

بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی و مەجازی بەس
(نالی) چیە ئەو بابە ئادەم کوڕ و حەوا کچ

8. سەرچاوەکان

1. دیوانی نالی: لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مودەڕڕیس
2. بەهاری ڕەوانبێژی: نوسینی موحسین احمد مصتفی گەردی
3. ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی: د.کەمال مەعروف
4. مێژووی ئەدەبی کوردی: عەلائەدین سەجادی

9. پێڕست

لاپەڕە | بابەت

1. پێشەکی..2
2. ژیانی نالی..3
3. شیعری نالی..5
4. مەبەستەکانی شیعری نالی..10
5. نالی و دڵبەرەکەی..15
6. نامە شیعریەکەی بۆ سالم..17
7. لەبارەی نالی نوسیویانە..19
8. سەرچاوەکان..23
9. پێڕست..24